


زیکرو دوعای زۆر هەن پاداشتی گەورەیان هەیە ، لێرەشدا هەندێك لەمانە دەهێنینەوە.

زیکرەکانی خێری دنیاو ئاخیرەتیان هەیە ، دوعاکانیش ئیمان دادەمەزرێنن و هەروەها هەندێك کاری خۆتت بۆ دەستگیر دەکەن و لە هەندێك بەڵا دەتپارێزن.

## یەکەم : زیکر

زیکرکردن کارێکی ئاسانەو لە هەموو کاتێکدا دەکرێت، دیارییەکی خواییە بۆ ئەوەی بەئاسانی پاداشتێکی حازر بەدەستمان دەستبکەوێت ، ئەم زیکرانەی خوارەوەش پاداشتی دیاریکراویان هەیە بۆیە بە گەنجینەکانی بەهەشت ناویان دەبەین.

دەتوانین ئەم زیکرانە لەزۆر کاتدا بڵێینەوە بەتایبەتی لە "کاتە مردووەکان" واتە کاتی دانیشتن و کاتی ڕۆیشتن بە ڕێگادا کە دیارە بەشێکی گەورەی کاتمان لێ دەبەن بەبێ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرین بەڵکو زۆر جار بەپێچەوانەوە بۆ بیری خراپ و قسەی نارەوا بەکاریان دەهێنین ، کاتیش لەڕاستیدا

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

سەرمایەكەمانەو لە قیامەتیشدا پەشیمان دەبینەوە لەوەی ئەم كاتانەمان بە فیڕۆ لەدەست داو لە شتی بێ نرخ بردمانە سەر.

سوودێكی تری زیكر ئەوەیە دڵو دەروونی مروڤ پاكدەكاتەوەو هەستێكی خۆشی پێ دەبەخشێ ئەوەش بەمەرجێك زیكرەكەمان هەر بە زمان نەبێت بەڵكو دڵیشمان ئاگای لێبێتو لەكاتی زیكركردندا غافڵ نەبێت.

سوودەكانی زیكر زۆرن و تەنها ئەوە دەڵێین كەوا ووتنەوەی زۆری ئەم زیكرانە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لەئێستایدا تام لە ئیمانەكەی وەربگرێ، بۆ قیامەتیش توێشوییەكی زۆر كۆدەكاتەوەو لەو كاتەدا دڵی پێخۆش دەبێت.

١. (سُبحانَ اللهِ وَ بِحَمْدِهِ) واتە : (خوا پاك بێت لەهەموو عەیبێكو سوپاس بۆ ئەو).

یەكەم: ئەگەر لە رۆژێكدا سەد جار بیڵێی خودا لەهەموو گوناهەكانت خۆشدەبێت هەتا ئەگەر وەكو كەفی سەردەریا زۆربن (بوخاری و موسلم).

دووەم: ئەگەر یەگ جار بیڵێی دارخورمایەكت لەبەهەشتدا بۆ دەچێنرێ {فەرموودەیەكی حەسەنە، ترمذی روایەتی كردووە – ریاض الصالحین ١٤٣٩ تحقیق و تخریج الشیخ شعیب الارناؤوط , لەروایەتی تریشدا : سبحان اللهِ العظیمِ و بحمدِهِ هاتووە} واتە : چەند جار ئەم زیكرە بخوێنیتەوە ئەوەندە دارخورمات بۆ دەچێنرێ.

٢. هەر یەكێك لەمانە بڵێیت (سبحانَ الله) یان (لا الـهَ الا الله) یان (الله اكبر) درەختێكت لەبەهەشتدا بۆ دەچێنرێ ئیبنو ماجە ریوایەتی كردووەو شێخ ئەلبانی بە صەحیحی داناوە – صحیح ابن ماجە ٣٠٦٩) ئەم زیكرانەش خول دەخۆنەوە بەدەوری عەرشی خواداو وەكو دەنگی هەنگیان لێدێو ئەو كەسە دەخەنەوە یاد كە ئەم زیكرانە دەڵێ (ئیبنو ماجە ریوایەتی كردووەو شێخ ئەلبانی بە صەحیحی داناوە – صحیح ابن ماجە ٣٠٧١) .

دیارە لەبەهەشتدا ژمارەیەكی زۆر درەختی تێدایە بەڵام خۆشییەكی گەورەت دەست دەكەوێ كاتێك باخێكی گەورەی دارخورما ببینی و بزانی ئەمە باخی (سبحان الله و بحمده)ی دنیاكەتە ، یان باخێكی جۆراوجۆروی درەخت ببینی و بزانی ئەم درەختە هی زیكرەكان خۆتە لەدنیادا.

٣. (سبحان الله و بحمده) و (سبحان الله العظیم) دوو ووشەن كە لەسەر زمان ئاسانن‌و لای خوا خۆشەویستن‌و لە تەرازووی كرداری چاكەدا قورسن (بوخاریو موسلمو ترمذی).

٤. دوای هەر نوێژێك ٣٣ جار (سبحان الله)و ٣٣ جار (الحمد لله)و ٣٣ جار (الله اكبر) و بە یەك جار (لاالـه الا الله وحده لا شریك لـه، لـه الملك ولـه الحمد وهو علی كل شيءٍ قدیر ) زیكرەكان بكەرە ١٠٠ ئەوا خوای لە گوناهەكانت خۆش دەبێ هەتا ئەگەر ئەوەندەی كەفی سەر دەریا زۆربن (موسلم).

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

٥. (لاحول ولاقوة الا بالله ) واتە (کەس هیچ تواناو هێزێکی نییە مەگەر لە خواوە دەستی بکەوێ) ئەم زیکرە یەکێکە لە گەنجینەکانی بەهەشت وەکو لەفەرموودەکانی بوخاریو موسلم باسی دەکەن.

٦. (لااله الا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيءٍ قدير) واتە : هیچ خوایەك نییە غەیری (الله)، خۆی خاوەنی سوپاسکردنە و هەر خۆی توانای هەموو کارێکی هەیە.

یەکەم: هەر کەسێك ١٠ جار ئەم زیکرە بڵێ خێری ئازادکردنی چوار کۆیلەی بۆ دەنووسرێ (بوخاری و موسلم) دیاریشە خێری ئازادکردنی کۆیلە چەند گەورەیە وەکو فەرموودەکەش دەڵێ: هەر کەسێك موسڵمانێك لە کۆیلێتی رزگاربکات خوا بەئەندازەی ئەندامەکانی لەشی کۆیلەکە ئەندامەکانی لەشی ئەو کەسە لە دۆزەخ رزگار دەکات (بوخاریو موسلم).

جا ئەمڕۆ کە کۆیلە نەماوە خوا دەرگای خێری دانەخستووە و ئەم زیکرەمان پێ دەڵێ بۆ ئەوەی ئەو پاداشتەمان دەست بکەوێت.

دووەم: هەر کەسێك لە رۆژێکدا سەد جار ئەوەی سەرەوە بڵێ ئەمانەی بۆ دەنووسرێن : پاداشتی ئازدکردنی دە کۆیلە، سەد چاکە ، سەد خراپەشی لەسەر لادبرێو تا ئێوارە لەشەیتان دەپارێزرێو کەس وەکو ئەو کاری چاکەی وا نەکردووە مەگەر کەسێك ئەوەندەی ئەو ئەم زیکرەی وتبێ (بوخاریو موسلم).

٧.(جوەیریە)ی خێزانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە دوای نوێژی بەیانییەوە تا چێشتەنگاو دانیشتبوو زیکری دەکرد، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی دوای تۆ چوار وشەم وت هەر یەکێکیان سێ ئەوەندەی زیکرەکانی تۆ کێشیان هەیە : ( سبحان الله و بحمده عدد خلقه و رضى نفسه وزنة عرشه و مداد كلماته) (موسلم) واتە : (سبحان الله و بحمده) بە ژمارەی دروستکراوەکانی خوداو ئەوەندەی رەزامەندی خوداو بەقورسایی عەرشەکەی و هێندەی مەرەکەبی وشەکانی.

ئەمانە چەند زیکرێکن پاداشتەکەیان دیاری کراوە، هەر یەکێکیشیان کاتێکی زۆر کەم لەمرۆڤ دەبات : سەد جار (سبحان الله و بحمده) تەنها دوو دەقیقەو نیو یاخود سێ دەقیقە دەخایەنێت. سەد جار (لا اله الا الله وحده لا شريك له.. تاد) کە دووروودرێژترین زیکرە تەنها حەوت دەقیقە دەبات. جا ئایا لە لەهەر رۆژێکدا چەندین سەعاتمان لێ ناڕوات بە فیڕۆ ئەویش کاتی دانیشتنو کاتی کارکردنو کاتی هاتوچۆو لەو کاتانەی قسەی زیادیان تێدا دەکەین؟

## دووەم : هەندێ دوعا



١- (اعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق) واتە: پەنا بە وشە تەواوەکانی خوا دەبەم لەخراپەی هەر شتێك کە خوا دروستی کردووە.

ئەگەر ئەم ئەم دوعایە لە شوێنێکدا بڵێی کە تێیدا مابیتەوە تووشی هیچ شتێك نابیت (موسلم) و تەنانەت ئەگەر دووپشك پێتەوە بدات زیانت پێ ناگات (لەفەرموودەیەك کە موسلم روایەتی کردووە).

٢- (بسم الله الذي لايضر مع اسمه شيء في الارض لا في السماء وهو السميع العليم) واتە : بەناوی ئەو خوایەی کە لەگەڵ ناوی ئەودا هیچ شتێك نە لەزەوی و نە لەئاسمان زیانبەخش نابێ و خوا خۆشی بیسەرو زانایە.

٧. ئەم دوعایە بەیانی سێ جارو ئێوارە سێ جار بیخوێنەرەوە، ئیتر تا بەیانییەکەی تر تووشی هیچ نابی (ئەحمەد و ئەبوو داوود و ئیبنو ماجە ریوایەتیان کردووە، شوعەیب الارناؤوط دەڵێ سەنەدەکەی صەحیحە- ریاض الصالحين ١٤٥٧ و ئەلبانی بەصەحیحی داناوە صحيح ابن ماجه ٣١٢٠و صحيح ابي داود ).

٣- سورەتی (قل هو الله احد) و (قل اعوذ برب الفلق) و (قل اعوذ برب الناس) یەکی سێ‌جار بەیانیو ئێوارە بخوێنە لەهەموو شتێك دەتپارێزن (ئەبوو داوودو ترمذی ریوایەتیان کردووەو شێخ شوعەیب بە (حەسەن) ی داناوە- الرياض ١٤٥٦ هەروەها ئەلبانی لە: صحیح ابی داود).

٤- (اللهم إني استخيركَ بعلمك و استقدرك بقدرتك و أسالك من فضلكِ العظيم فإنك تقدر ولا أقدر ,وتعلم ولا اعلم وانت علاّم الغُيوب , اللهم إن كنتَ تعلمُ أنَّ هذا الامر (ناوی ئیشەکەی خۆت بڵێ) خيرُ لي في ديني و مَعاشي و عاقبةِ أمري فاقدره لي و يَسِّره لي ثم بارك لي فيه، وإنْ كنت تعلم أنّ هذا الامر شرٌّ لي في ديني و مَعاشي و عاقبة أمري فاصْرِفه عنّي و اصْرِفني عنه و اقدُرْ لي الخيرَ أيْنما كانَ ثمّ أرْضِنِي بِه)

ئەگەر بڕیاری كارێكت دا دوو ركعەت نوێژ بكەو دوایی ئەم دوعایەی سەرەوە بخوێنە ئەو كاتە ئەگەر كارەكە خێری دنیاو ئاخیرەتی تێدا هەبێ ، خوا بۆت ئاسان دەكاتو بۆتی جێبەجێ دەكاتو ئەگەر بۆ دنیاو ئاخیرەتت خراپ بێ خوا دووری دەخاتەوە لێت (لەفەرموودەیەكدا هاتووە كە بوخاری ریوایەتی كردووە).

نووسەر زۆر بەكاری هێناوەو بێئەندازە سوودی لێ وەرگرتووەو نمونەكانیش لە ژماردەن نایەن.

ئەو كاتانەی دوعا تێیاندا گیرا دەبێ:

بێگومان دوعا لەهەموو كاتێكدا ڕێویستەو دروستە بەڵام چەند كاتێكی دیاریكراو هەن دوعا تێیاندا گیرا دەبێ، بۆنموونە:

١. لەكاتی سوجدە بردندا.. بۆیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) داوامان لێدەكات دوعای زۆری تێدا بكەین و دەفەرموێت كە سوجدە نزیكترین حاڵەتی مرۆڤە لەخواو دوعاكردن تیایدا شایستەی قبووڵ كردنە (لە دوو فەرموودەدا موسلم ریوایەتی كردوون).

٢. لە سێیەكی دواهەمینی شەو ، هەروەها پاش نوێژە فەرزەكان .. (ترمذی، شێخ شوعەیبیش دەڵێ سەنەدەكەی صەحیحە، الریاض ١٥٠٠)

٣. ماوەیەكی زۆر كەم هەیە لەرۆژی جومعەدا كە موسڵمان چ دوعایەك بكات وەردەگیرێ (بوخاریوموسلم). لەبارەی ماوەكە بڕوانە ریاض الصالحین تحقیق شێخ شوعەیب ١١٥٧ .

٤. دوعا لەنێوان بانگ و ئیقامەت ڕەت ناكرێتەوە (ئەبوو داوودو ترمذی بەسەنەدێكی (ضەعیف) ریوایەتیان كردووە بەڵام ئیمام ئەحمەد بە سەنەدێكی صەحیح ریوایەتی كردووە-الریاض ١٠٤١ هەروەها صحیح ابی داود ٤٨٩)

دەبێ موسڵمانیش پەلە نەكات و بڵێ هەر دوعام كردوو هەر قبوڵ نەكرا، چونكە ئەو كاتە خوا دوعاكەی قبووڵ ناكات لەبەر ئەوەی بێزار دەبێو واز لە دوعا دەهێنێ(بوخاری و موسلم).

(صلاة)كردن لەسەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم): یەك جار (صلاة) بكەی خوا دە جار ئەو (صلاة)ت بۆ دەنێرێتەوە (موسلم) .. صەلاتی زۆریش لەرۆژی جومعەدا بڵێ ، صەڵاتەكە پیشانی پێغەمبەر دەدرێ (صەحیحە، ئەبوو داوود و ئیبنو ماجە- الریاض ١٣٩٩ صحیح ابی داود ٢٩٥)